**بەشیر موشیر تورەیە!**

**کامیل ژیر**

**دیسان هاتەوە خەوم و ئاگری لێئەباری و وتی:**

**ئەی من نەموت دەسم دامێنتان نەکەن و رێنەدەن جارێکیتر ئەو گوندەی من (گوندی بەشیر) رادەستی هیچ هێزو نەتەوەیەکیتر بکرێ! ئەوە بەشێکی ئازیزە لەخاکی کوردستان ؟**

**بۆچی وا زو چۆڵتانکردو ماعشتان هێنایە جێگەی داعش!؟ ئەو ماعشانە بۆچی خۆیان نەچون ئەو گوندە بگرن؟ کە ئێوە گردتان، چۆڵکردنتان لەچی؟ کە ئەتانزانی چۆڵیئەکەن، ئەو کورە جوانانەتان بۆچی بەکوشتدا!؟ ئێستا ئێوە چی ئەڵێن بەو پێشمەرگانەی لەو پێناوەدا شەهیدبون و هێشتا خوێنەکەیان وشکنەبۆتەوە!؟ ئەترسم کەرکوکیش هەروا هەرزانفرۆشکرێ! ئاخ چیبکەم خو من ئەو بەردەی سەر گۆڕیچەکەم رێگەم نادا هەستم و فەلاقەتانکەم. ئەی ئێوە لای خۆتانەوە هیچ لێپرسینەوەیەک نیە!؟**

**وتم گەورەی گەورەکان: ماسییەکە نەک هەر لەسەریەوە بۆگەنە، کلکەکەشی پەرێشانەو ئەو بایە لەو کونەوەبێ، ئەبێ کتێب بۆ سلێمانی و هەولێرو دهۆکیش بگرینەوە!**